# ڕێکلام لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە (شیعری ئەسیری بە نموونە)

**ID No. 414**

(PP 282 - 292)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.17

**ئاسۆ عبدالرحمن کریم**
کۆلیژی پەروەردە، بەشی کوردی، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر
aso.baban@su.edu.krd

**دڵشاد محەمەد غەریب**
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی گەرمیان
Dilshad.hmahgarib@garmian.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/07/18**

**پەسندکردن : 2022/10/16**

**بڵاوکردنەوە : 2023/04/17**

**پوختە**

ڕێکلام لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە ( شیعری ئەسیری بە نموونە))خراوەتەڕوو لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە، ئەرکەکانی زمانی بە کاریگەری دەوروبەر دەشێت بەکارهێنانی تریان لێبەرهەمبێنرێت، زمانی ڕێکلام دەچێتە ناوەخنی دیوەی دووەمی ئەم ئەرکانەوە، کە زمانی ڕێکلام یەکێکە لە فۆرمە ناوازەکانی زمان. لێکۆڵینەوەکە لەسەرناوی (ڕێکلام لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە ( شیعری ئەسیری بە نموونە))خراوەتەڕوو. لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە و بە تیۆری کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، شیعری ئەسیری لە کتێبە شیعریە دیاریکراوەکانی لێکۆڵینەوەکە لە ژێدەری بەکارهێنانی زمانی ڕێکلام لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە و شیکراوەتەوە.

**کلیلی وشەکان :** چەمکی ڕێکلام، زمان و ڕێکلام، تیۆری کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، ڕێکلام لە زمانی شیعریدا.

## 1- پێشەکی

**1/0) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە بۆ (ڕێکلام لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە ( شیعری ئەسیری بە نموونە))تەرخانکراوە.

شێواز و تایبەتمەندی ڕێکلام لە شیعری ئەسیریدا لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە بە پێی تیۆری شیکاری و تیۆری کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی کرۆکی سەرناوی لێکۆڵینەوەکەیە.

2/0) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: بریتییە لە تیۆری کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوەشدا (ئاماری شیکاری) بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتووە و دواتر لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە شیکراونەتەوە.

**3/0) / داتا و سنوری لێکۆڵینەوەکە:** بۆ داتای لێکۆڵینەوەکە شیعری ئەسیری لە کتێبەکانی (دیوانی ئەسیری، عەسکەری مستەفا (1987)، بەرگی یەکەم و دیوانی ئەسیری، عەسکەری مستەفا (2000)، بەرگی دووەم) و کتێبی (دیوانی ئەسیری، موکریانی، 2006)، وەرگیراوە و ئاماری ڕێژەیی بۆ شیعری ڕێکلام لە شیعرەکاندا خراوەتەڕوو .

لە بەشی کارەکیدا شیعری ئەسیری بە نموونە وەرگیراوە و شیکراوەتەوە.

**4/0)ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە و بەپێی پێوست پراکتیکیش بەکارهێنراوە و لە سێ پار پێکهاتووە لەسەرناوی (زمان لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە، ئەرکی زمان و کاریگەری لەسەر دەوروبەر، چەمك و پیناسەی ڕێکلام، کاریگەری زمان لە ڕێکلامدا، تیۆری کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی)یە، بەشی دووەم بەشێکی کارەکییە: ڕاستاندنی کارەکیيانەی ڕێکلام لە ( شیعری ئەسیری)دا لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە شیکراوەتەوە.

**0/1)زمان لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە:**

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هێزێکی پتەوی لەگەڵ کۆمەڵ و تاکدا هەیە، بە پلەی جۆراوجۆر و بەپێی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان هەڵسوکەت دەکات، پردی سەرەکی بە یەك گەیشتنی نێوان ئاخێوەر و گوێگرە،چونکە (زمان سیستەمێکی شێوازی هەڕەمەکیی نیشانەییە وا دەردەکەوێتو لەلایەن پێکهاتەو پشتبەستنی دووالێتی جێگۆڕکێی داهێنانو ئەرکی هەناردەکردنی کەلتورە). (Jean, 2010:21)

بەمەش چینە جیاوازەکانی ئاخێوەریش بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتی و تەمەن و ڕەگەز و پیشە و کلتور و ئاستی تێگەیشتن، ئەرکی کۆمەڵایەتی بە زمانی جیاواز و شێوازی دەربڕینی جیاواز جێبەجێدەکەن، هەموو ئەمانەیش زمان بە ڕۆنانە کۆمەڵایەتییەکانەوە گرێدەدات و ئەنجامەکەی بریتییە لە گەیاندنی پەیامێکی زمانیی هاوچەرخی لەیەکترگەیشتن. زمان لەلای هەموو تاك و کۆمەڵێك، لە هەموو بابەتێکی زانستی و وێژەیید لە هەموو ئاین و ئایدیایەکدا بووە بە سەرتۆپی بردنەپێش و تەکانپێدان و گەیاندنی پەیامە ڕوونەبنەڕەتییەکەی خۆی، لە هەژموونێکی پێشخانی خوێندنەوەی بارەکۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکاندا، بۆیە دەشێت زمان لە دیدی بەکاربەرانیدا بۆ مەبەست و ئەرکیتر لە وشە و دەستەواژەی نزیك و ئاشکرا، یان بە وشە و دەستەواژەی دووربین و ئاڵۆزی پراگماتیکییانە سنورێکی پڕ لە واتای سەرنجراکێشانی ڕێکلامی کاریگەری لەسەر دەوربەر دروستبکات.

**1/1) ئەرکی زمان و کاریگەری لەسەر دەوروبەر:**

ئەرکی سەرکی زمان گەیاندنی پەیامی ئاخێوەرە بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر گوێگر و دەوربەر، گەیاندنی ئەم ئەرکەی زمانییەش لە کۆمەڵ و سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە و پێویستی بە هەڵسەنگاندنی ژینگەی دەوروبەر هەیە. گرنگی زمان لە ژیانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی پڕ وزە و چالاکییە و مانەوەی ئاخێوەر لە کۆمەڵدا نیشاندەدات، پرۆسەکەیش لە چێوەی ئەرکە زمانییەکەی کۆمەڵدا بە سیستەم ڕێکخراوە، چونکە ( زمان جۆرە ڕەفتارێکی کۆمەڵێکە تاکەکانی ئەو کۆمەڵە بە مەبەستی پەیوەندی کردنو تێکەڵ بوونیان لەگەڵ یەکتردا بەکاردێنن‌و بە هێمای زارەکی‌و بیستنی هەڵبژێردراو، وەك کردارێکی ڕەفتاری ئەنجامی دەدەن.)(د.طالب،38:2014). ئەرکی زمانیش بەڕێوەبردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی زمان و درێژەپێدەری سیستەمەکەیە، بۆئەوەی ئاخێوەر بتوانێت لە ژیاندا کاریگەریەك لەسەر دەوروبەردروستبکات و کۆمەڵ رازیبکات، ئەویش بەشێکە لەخۆڕاگری و بەجێهێنانی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و ناساندن و دەرخستنی تایبەتمەندێتی زمانی تاك لەسەر کۆمەڵ، بۆ ئەم مەبەستەیش ئاخێوەر هەمیشە بەدوای باشترین ئامرازی گەیاندن دەکەوێت، بۆئەوەی سەرکەوتوویی خۆی لە ئەرك و پەیامەکەی دەستەبەربکات، (ئەو ئەرکانەی، کە زمان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە پرۆسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بە مەبەستی جێخۆشکردن و پتەوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان دەبینێت، لەبەرئەوەیە زمان ئامرازێکی سەرەکییە بۆ جێخۆشکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتیی و بیرەکانمان). (فەرەج، 2013: 38 ).

دەروبەری ئاخێوەر بە کۆمەڵێك کەرەستەی زمانی و نازمانی دەوردراوە و تەنراوە، ئاخیوەر ناتوانێت خۆی لەم کەرەستە زمانی و نازمانیانە بدزێتەوە و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ کۆمەڵدا هەڵبکات، لێرەدا تێڕوانینی جیاواز بۆ بەکارهێنانی ئەم کەرەستانەدێتەئاراوە، بەجۆرێك ژینگەی کۆمەڵ بتوانێت پێشوازی لە ئەرکەکانی زمان بکات. (Sapir)سەرنجدەدات، کە بەکارهێنانی( وشەکانی زمانێك بە ئاشکرا، ژینگەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی گەلێك دەنوێننەوە.) (ڕەحیم، 2006 :114). ئەم ئاماژەیەی ساپیر تێڕوانینێکە، جیاوازی بەکارهێنانی کەرەستەی زمانی نیشاندەکات، کە چۆن وشە لە قوڵایی تێگەیشتنی ئاخێوەرەوە دێنەدەرەوە و سنوری جوگرافی و پێگەی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی زمان لەو ژینگەیەدا دیاردەکات و کاریگەری بۆ دەوروبەر بەجێدەهێلێت.

ئەرکەکانی زمان زۆرن و بەردەوام لە گۆڕانی گەشەی جۆراوجۆردان، ئەم ئەرکانە گوزارشت لە ژیانی کۆمەڵ دەکەن و ئەگەری فراوانبوون و تەسکبوونەی بەکارهێنانیشیان لەئاردا هەیە. پەیوەندی ئاخێوەر و کۆمەڵ لە پێکهاتەی ئەرکەکانی زمانەوە دەستەبەردەبێت،(زمان بەهای کۆمەڵایەتی بەزانین وبیردەبەخشێت و ئاڕاستەی هەست و نەستی تاك لە بەرامبەرخۆی و دەوروبەری دەکات.) (ئیسماعیل، 2017: 28)

کەواتە لێرەدا بەشێك لەو ئەرکانەی زمانە، کە گوزارشتی دەوروبەری ئاخێوەری پێوەبەندە لە چێوەی لێکۆڵینەوەکەدا دەخینەڕوو، پۆلکردنی ئەرکەکانی زمانیش، ڕەهەندێکی کەسی و ژینگەیی کۆمەڵی هەیە، بۆیە دەشێت بەشێك لە پۆلینکردنەکانی ئەرکەکانی زمان لە ئەرك و دەربڕین و گوزارشتکردندا لێکبچن، یاخود جیاوازبن، بۆیە ( ئەم زمانەی ئاخێوەر لە دۆخی جیاوازدا پێویستی پێیەیتی، بۆ نموونە سڵاوکردن، خۆناساندن، دواکرن، یان ئامۆژگاری، رازیبوون و و رازیکردن.....تاد، هەریەك لەم ئەرکانەی زمان دەتوانێت ژمارەیەك دەربرینی جیاواز، یاخود جێگرەوەی بە شێوەیەکی تری هەبێت.)(Halliday, 1994: 69)

مەبەست لە ئەرکەکانی زمان ئەو کارانەن، مرۆڤ بە هۆی زمانەوە لە کۆمەڵدا جێبەجێیان دەکات، دەتوانین بڵێین بە گشتی زۆربەی زمانەوانەکان ئەم ئەرکانە دەکەن بە (7) حەوت جۆر لەم ئەرکانەیشدا: (زانیاری و هەواڵ گەیاندن، پرسیارکردن، هەست دەربڕین، وروژاندن، فەرماندان و راپەڕاندن، جێخۆشکردن). (فتاح ، 1990 :26).

بەم تێڕوانینانە لەم ئەرکانەی زمان لە نێو کۆمەڵی کوردی دەدوێین، کە چەندە پەیوەستن بە ژینگەی زمانی و بەستنەوەی بەزانیاری دروست و نادروست و گەیاندنی ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیانەوە:

**زانیاری و هەواڵگەیاندن**[1]: بریتییە لە گەیاندنی زانیاری و هەواڵ لە ئاخێوەری قسەکەروە بۆ گوێگر. بۆ نموونە:

1-نالی شاعیرێکی کلاسیکی کوردە.

2 سبەی باران دەبارێت.

لە ڕستەی(1)دا ڕستەکە ئەرکی زمانی گەیاندووە و زانیاری و هەواڵ گەیاندنەکەی ڕاستیەکی دروستە و بۆ ئێستای ژینگەی کۆمەڵی کوردی گومان هەڵناگرێت.

لە ڕستەی(2)دا ، بوونی وشەی (سبەی) و (باران )، گومانێك لە زانیاریی و هەواڵگەیاندن دروستدەکات، کە ئەویش پەیوەستبوونە بە کرداری (دەبارێت) ، چونکە ئەگەر گوێگر وشیاری کەش و هەوایی هەبێت، دەشێت ئەم هەواڵە دروست نەبێت، لەبەرئەوەی ئەگەری نەبارانیش لە ئارادا‌هەیە، بۆیە ناشێت بە و هەواڵە و زانیارییە بڕوای خۆی زاری بکات و بکەوێتە هەڵە وەرگرتنی زانیارییەوە.

**پرسیارکردن:** ئەرکەکانی زمان پرسیارکردنیش دەگرێتەوە، کە مەبەست لە پرسیارکردن، پرسیارکردنو دەستخستنی زانیارییە بە واتای ئەوەی بە هۆی پرسیارکردنەوە قسەکەر کەلێنێك یان چەند کەلێنێك لە زانیاریی خۆیدا بەرامبەر دیاردەیەك پڕ بکاتەوە، (ڕستەی پرسیارکردن پێچەوانەی  زانیاری و هەواڵ گەیاندنە، چونکە ئاخێوەر لە ڕستەی هەواڵ گەیاندن زانیاری دەگەیەنێت، یان بڵاوی دەکاتەوە، سەرچاوەی زانیارییەکانیش قسەکەرە).فتاح (2005 : 15).  وەکو:

3-کەی ئەو مۆبایلە باوی ماوە؟

4 -چۆن ،تا ئێستا تامی ئەم خواردنەوەیەت نەکردووە؟

لە ڕستەی (3)دا گوێگر مەبەستێتی بە ئامرازی پرسی(کەی) زانیاری بەدەستبخات و کاریگەریش بۆ دەوربەری بجێبهێڵێت، تاوەکو گۆڕینی (مۆبایل)کەی ئەنجامبدات.

لە ڕستەی(4)دا گوێگر بە ئامرازی پرسی(چۆن) مەبەستێتی زانیاری وەرگرێت و پەلکێشی دەوروبەری بکات بۆ (تام) کردنی خواردنەوەکە.

**هەستدەربڕین:** ئاخێوەر لەم جۆرەی ئەرکی زماندا بە جۆرێك سەرنجی دەوروبەر بۆ خۆی ڕادەکێشت، کە جۆری شێوازی دەربڕنەکەی خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ بوونی ڕووداێك، یاخود شتێکی نامۆ و هەستبزوێن، ئەگەرچی هەستدەربڕین کردارێکی خودیە و لە شێوەی سەرسوڕماندایە و ئاخێوەر  هەستی کەسی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام بە دیوێکی تر مەبستێتی بەو هەستەی کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونی دەوروبەر دروستبکات و کاردانەوەیان بۆی هەبێت و ئەوانیش بکەونەژێر ئەم هەستەوە بەواتایەکی تر شێوەیەکە لە شێوەی فرمەڵەکردنی بە ڕێکلامکردن.وەکو:

5-واو  خواردنەوەیەکی بەتامە!

6-هەرخۆت وزەبەخشی!

لەڕستەی(5) و (6)دا ئاخێوەر ئەگەرچی لەگەڵ خۆی دەدوێت و هەستی خۆی بە سەرسوڕمانەوە دەردەبڕێت، بەڵام لە پاڵ ئەوەیشدا مەبەستێتی  سەرنجی دەوروبەر ڕابکێشێت و کاریگەریان لەسەردروستبکات و فۆرمی ڕێکلام بۆ جۆری حواردنەوەکە دەستەبەربکات.

**ورووژاندن:** لە ئەم ئەرکەی زماندا ئاخێوەر مەبەستێتی ڕاستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ  ڕۆڵێکی باش و کاریگەر لەسەر دەرون و هەست و سۆزی دەوروبەر ببینێ و بیجولێنێت، ( بەواتای ئەوەی گوێگر بورژێنی، دڵی خۆشبکات و ڕاپیستەڕینی) ( فتاح، 1990 : 29). ئەم ئەرکەی زمان لە زمانی شیعر و پڕوپاگەندەی بازرگانی و سیاسی و.... ڕێکلامدا زیاتر بەدیدەکرێت، وەك:

7- بە کڕینی ناوت دەچێتەناو تیروپشکە گەورەکەوە.

8-گەشتیارن دڵیان لێرە دەفڕێت.

لە ڕستەی(7)دا ئاخێوەر بە هێنانەوە و بە ئاماژەکرن بەم (تیروپشکی گەورە) هەستی بەرامبەر دەورژێنی و هانیدەدات زووبەزوو کاڵای مەبەست بکڕێت، تاوەکو ناوی بچێتە ناو تیروپشکە گەورەکەوە.

لە ڕستەی(8)دا ئاخێوەر وابە وشەی (دڵ+فڕین)هەستی گەشتیاران دوچاری ورژاندنێك دەکات، کە بەدڵگەرمی و خۆشی و مەستیەوە ڕوو لە شوێنی دیاریکراو و  مەبەستپێکراوبکەن.

**فەرماندان و ڕاپەڕاندن**: فەرماندان ئەرکێکی زمانییە و لەلایەن ئاخێوەرەوەبە وشیەکی مۆرفۆسینتاکی، یاخود ڕستەیەك داوادەکرێت،یان دەشێت بەسەر کەسێك، یاخود کۆمەڵیکدا جێبەجێبکرکرێت. ڕستەی فەرمانی(داخوازی) هەستی ئاخێوەر و جۆری فەرمانەکەی هاوتەریبن، لەبەرئەوەی ئەو ئەرکە بۆ کەسی تر بجێدەهێلێت و داوای ئەنجامدانییان لێدەکات. نموونە:

9-ژنی کورد لە ژینی لادێ ببینە.

10-بفەرمووو وەرە کوردستان.

لەڕستەی(9) و(10)دا ئاخێوەر دەربڕینی ئەرکی زمانی بە ڕستەی فەرماندان نیشانی گوێگردەدات، بەتایبەتی لەڕستەی(9)دا بە کرداری(ببینە)، سەرنجی گوێگر دەخاتە سەر ژنی کورد لە ژینی لادێ، بۆئەوی ئاوڕێك لە و ئەرك و جوانی و هاوشانییەی لەگەڵ پیاو هەیەتی ببینێت و رێکلامێکە بۆ کار وپیشەی پێکەوە ژیانی دوو توخمە سەرەکییەکەی مرۆڤ لە کۆمەڵی کوردەواریدا. لەڕستەی(10)یشدا، ئاخێوەر ئەرکی زمانی بە کرداری(بفەرموو) بەڕێزەوە بە گوێگردەدات،تاوەکو بێتە کوردستان.

**ڕاپەڕاندن:** ئەم جۆرەیش ئەرکێکە لەکارجێبەجیکردن و ڕاپەڕاندنی. ئەوەی ئەم ئەرکە زیاتر لە ئەرکی فەرماندان کاڵ دەکاتەوە، زیاتر فۆڕمیکی کردەیی ئاخاوتن و خۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەیە، واتە(( لە جیاتی ئەوەی قسەرکەر کارێك بە گوێگر ڕاپەڕێنێ، خۆی کارەکە رادەپەڕێنێ و گوتنەکەشی راپەراندنی کارەکەیە)) (فتاح، 1990 :30). لەم جۆرە ئەرکەدا ئاخێوەر بکەری ڕستەکەیە، کەواتە(هەموو ئەو کردارانە دەگرێتەوە کە بەکارهێنانیان لەلایەن ئاخێوەرەوە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی کردەوەیەك، واتە گوتنەکە ڕاستەوخۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکە) [(2)] (توفیق،1995 :43). وەکو لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاینیدا (مەلا)یەك دەڵێت:

11-ئەم مناڵەم ناونا کوردستان.

یاخود لە شوێنی دادگادا، (دادوەر) دەڵێت:

12-ئەم کچەم مارەکرد.

13 بەڵێنبێت جارێکیتر خۆشەویستی نەکەم.

ڕستەکانی (11)، (12)،(13) ئەوە دەردەخەن، ئەرکی ئاخاوتنی ئاخێوەر و ئەرکی کردار ڕاپەراندنەکەی وەکویەك وایە و یەك ئەرکن.

**جێخۆشکردن:** ئەرکی زمان بۆ مانەوە و جێخۆشکردنی مرۆڤە لە نێو کۆمەڵێکی دیاریکراودا، بۆ ئەم مەبەستەیش هەرچی ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆرە بۆ درێژەپێدانی، یان بەرزراگرتنی پلەی شایستەبوونی خۆی دەیگرێتەبەر. ئاخێوری زمان پروپاگەندەوە رێکلام بۆ خود و دەورەبەرکەی دەکات، لە ئاکامدا ژینگەی دەوربەری زمانی شیاو لەخۆی دەئاڵێنی و جوانترین و سەرنجراکێشترین نوادن پێشکەشدەکات، باری زمانی کۆمەڵایەتیی لە تای تەرازوی خۆچەسپاندن و دەسەڵاتداری جڵەودەکات.

کەواتە ئەم ئەرکەی زمان لەلایەن ئاخێوەرانەوە، بۆ دەربڕینی وشە و ڕۆنانی ڕستەکان دەوروبەرێکی لەباری زمانیی گونجاو هەڵدەبژێردرێت، لەوانەیش وەکو وشەکانی هەواڵپرسین و تەندروستی و باری رامیاری ... تاد، کە بۆمەبەستی خۆجێخشکردن لە نێو کۆمەڵدا دێت، جا ئەم بکارهێنانە زمانیانە ڕاستبێت، یان بۆ رازیکردن و فرێودان و لە خشتەبردن بێت. بۆ نموونە:

14 وەرن لەگەڵ ئێمە خواحافیزی بکەن لە هەژاری.

15 سوپاس بۆ ئەم شیرە، منداڵەکەی رزگارکردم.

16 ستایشی ئەمریکا بکەن کوردستانی ڕزگارکرد!

هەریەك لە ڕستەکانی (14)،(15)،(16) ئاخێوەر بەدوای سەرنجراکێشترین وشە گەڕاوە، کە هەواڵپرسین و (دوعاخوازی و تەندروستی و ستایش)ن، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکەی، لە بنەڕەتدا ئەم وشانە پەیوەستن بە واتا زمانییەکەی خۆی،بەڵام بۆ هەرکامێك لە وشەی هەڵبژاردراوی (خواحافیز) و (سوپاس) و (ستایش)دا، ئاخێوەر مەبەستێتی ئەرکێکی زمانی پێبهێنێتەدی، ئەویش جێخۆشکردنە لە پروپاگەندەوە و ڕێکلامکردن بۆ کۆمەڵ و کاڵاو دەسەڵاتێکی رامیاری گەورە، چونکە (پەیوەندی نێوان زمان و ڕاستی ژیان ئاڵۆزە، زمان لە هەموو کلتوەکاندا زۆر واتا بەخشبووە) (کریستن، 2009 :26).

کەواتە ئاخێوەر دەسەڵاتی زمانیی خۆی لە دەوربەرێکی زمانیی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بۆ جێخۆشکردن بەکارهێناوەو کردوویەتی بەهۆکارێکی سەرنجراکێش بۆ بە ئامانج گەیشتن .

بەم تێگەیشتنە، ئەرکی زمان و کاریگەری لەسەر دەوروبەر، دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئەرکی جیاوازی زمان، ئاخێوەری زمان لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە ئەم هەلە دەکاتە ڕێچکەیەك بۆ گەیشتنی بە قۆناغێکی نوێی گەیاندن لە ڕاپەراندن و

جێخۆشکردن و ڕازیکرنی دەوروبەر، هەندێك جار ئەم ئەرکانەی زمان لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی جیادەکرێتەوە و لە دووتوێی پڕوپاگەندە و ڕێکلامدا بۆ بەرژەوەندی کەسی، یان کۆمەڵێك، یاخود ئایدیایەك بە کاردەهێنرێت.

لەم وەچەپارەدا پرسیارێك دێتەئاراوە، ئایا ئەم ئەرکانەی زمان، کە  کاریگەریان لەسەر دەوروبەر هەیە، چ کاریگەری و پەیوەندییەکیان بە زمانی ڕێکلامەوە هەیە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە داتای ئەرکەکانی زمان بە وەڵام دەهێنینەوە لە ژمارەی ڕستەکانی (1، 2، 3، 4، 5 ،6 ،7 8 ،9 ،10 ، 11 ، 12 ،13 ،14 ،15 ،16 )دا، هەرەیەکەیان شێوەیەکن لە دەربڕینی زمانی ڕێکلام لە ژینگە و بۆنەیەك لە کۆمەڵی کوردیدا، چونکە بۆ ئەوەی بتوانین بەباشی لە کرداری مرۆڤ تێبگەین، ئەوا دەبێت لە سۆنگەی دانانی خۆمان لە شوێنی قسەکەر لە پاڵنەڕە بنەڕەتییەکان تێبگەین، جگە لە دەربڕینەکە، هێشتا پێویستە گرنگی بە لێکدانەوەکان بدرێت و بە دوای واتا شاراوەکانییدا بکەوین.) Sobur, 2006) : 23)

بۆئەوەی بەڕاستی بگەین, یان نزیك لە واتای ڕاستی بگەین، ئەوا  زمان لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە بە بەکارهێنانییەوە لە نێو کۆمەڵدا، ڕێکلامیش لە چێوەی ئەرکی زماندا بەکارهێنانە زمانییەکە لە واتا و گوزارشتی سەرنجراکێشتر لە دۆخی جیاوازدا.

ویتگنشتاین لە کۆنفراسێك لە بارەی وشە وبەکارهێنانی لە ڕستەدا دەڵێت ( کە واتای وشە پەیوەستە بە بەکارهێنانیەوە لە ڕستەکاندا، لە کاتێکدا واتای خودی ڕستەش بەندە بە بەکارهێنانی لە زماندا، واتە کاتێک واتاکانی وشەکان ڕووندەکەینەوە بە جیاکردنەوەی لە دۆخێکی  لەوجۆرەدا. )(سۆبوری، 2006 ،23).

کەواتە لە کۆی هەموو نموونەکانی سەرەوەدا چەمکی ڕێکلام لە دیوی دووەمی بەکارهێنانی ڕستەکاندا گەڵاڵە دەبێت و سەرنج دەخاتە سەر مەبەستە دیاریکراوەکەی ئەویش بریتییە لە ڕێکلامکردن.

**0/2)چەمك و پیناسەی ڕێکلام:**

دیاریکردن و گەڕان بەدوایی هەرچەمکێك،  کە مێژوویەکی ڕوونی نەبێت، کارێکی قوڵە، لەوانەیش چەمکی ڕێکلام، کە مێژوویەکی کۆنی لەگەڵ شارستانییەتی مرۆڤایەتی هەیە. چەمکی ڕێکلام لە بنەڕەتدا  لە (reclamo)ی لاتینییەوە هاتووە، بە واتای دەنگدانەوە دێت، یاخود نارەزایی دەربڕین دەگەیەنێت. لە زمانەکانی تریشدا واتای جیاواز، یان نزیك لەم واتایە بەخۆوە دەگرێت، لەوانە لە زمانی ئینگلیزیدا لە چەمکی(advertisement , advertisim) هاتووە. لە زمانی عەرەبیشدا  چەمکی (اعلان)ی بۆ بەکارهاتووە. ئەوەی جێگایی بایەخە ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا چەند چەمکێکی بەرامبەر بەکارهاتووە لەوانە (ئاگاداری، بانگەواز، جاردان، پڕوپاگەندە، ڕێکلام،....تاد) [3]. لە ئێستادا بەگشتی لە زمانی کوردیدا چەمکەکە لە نێو کۆمەڵی کوردەواری و لە بازرگانی و لە کەناڵەکان و تەنانەت لە توێژینەوە زانستیەکانیشدا چەمکی (ڕیکلام)ی بۆ بەکاردێت[4].

کەواتە ئێمەش بۆ ئەم مەبەستە چەمکی ڕێکلام بەکاردەهێنین.

چەمکی ریکلام، یەکێکە  لەو بابەتانەی وەکو زانستە مرۆییەکانو سرووشتی هەموو زانستە مرۆییەکانیش لە (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، ڕاگەیاندن، فەلسەفە، هونەرو.. تاد). پێناسەیەکی گشتگیرو یەکگرتووی بۆ چەمكو زاراوەکەی نییە، بەڵکو زانایانو پسپۆڕانی ئەم بوارە، هەر یەکە لە دیدو تێڕوانینو گۆشەنیگای خۆیانەوە بە پێی شێواز و ئاستی تێگەیشتن و سەردەمی خۆیان و گۆڕان و گەشەسەندنی ڕێکلام وەکو پیشەیەك هەڵسوکەوتی لەتەککراوە، بۆیە ئێمە چەند پێناسە و بۆچوونێك دەخینەڕوو:

-ڕێکلام باشترین پەیامی رازیکەرە بۆکڕینی کاڵاکە،یان خزمەتگوزارییەکە. (حسن، 2008: 15 )

- ریکلام بریتییە لە هەموو ئەو چالاکییانەی کەوا لە ڕێگەیەوە پەیامێکی بینراو، هەست پێکراو بۆ خەڵکی دەبینرێت، تاوەکو کاریان تێبکات، تا هانیان بدات، بۆ کڕینی شتومەكو خزمەتگوزارییەکە. (عەبدوللا، 2012 :15)

-ڕێکلام  پرۆسەیەکی پەیوەندی  بازرگانییە، کەتێیدا نێرەر پەیامێك لە ڕێگەی  کەناڵە جیاوازەکانەوە  ئاڕاستەی وەرگردەکات، بەمەبەستی ورژاندن و کارکردنە سەر بیر و دەرون ڕەفتاریان بەرامبەر بە کەلوپەلێکیان، یاخزمەتگوزارییەك. (حسن، 2015: 12-13)

-ڕیکلام یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی ژیان و هێزی بۆ ڕازیکردنی خواستی بەکاربەر بۆ بەرهەم لە کۆمەڵگەدا هەیە، ئەویش لە ڕێگەی کۆمەڵێك بیر و وێنەوە دەبێت.  (Fisher, 1986: 69)

کەواتە ڕێکلام بریتییە لە هونەری رازیکردن و جێگاخۆشکردن و بردنەپێشەوەی ئامانجێکی دیاریکراو، بەمەبەستی پرشنگدارکردن و تۆخکردنەوەی ئایدیایەك ، یاخود بوونێکی فیزیکی، یا ماددی، تاوەکو خوازیاری بۆ زیاد و زیاتربکرێت.

**1/2)کاریگەری زمان لە ڕێکلامدا:**

زمان پرۆسەیەکی ئاڵۆزی گەنگەشەی خۆگونجان و دانەبڕاوی ئایدیای مرۆڤە لە چەقی مانەوەی کۆمەڵدا. بۆیە بووە (دیاردەیەکی سروشتی و کلیلی کردنەوەی نهێنیەگەورەکەی ئاوەزەیی ئاخێوەرە، بنەمایەکی فراوان و فرە ڕەهەندی گەیاندن و پەیوەندیکرنە، بەردەوام لە نێو کۆمەڵدا لەبەر تەوژمی خۆگونجان و نوێبوونەوەیەتی..)(Cook , 1992:97) . زمان کاریگەری لەسەر ئەو دۆخەدەبێت، کە ڕێکلامی تێدا بەکاردێت، چونکە لەڕێگای زمانەوە، کەسێك لۆژیکێك دروستدەکات و ڕێکیدەخات و بەرزکەروەی زمان بۆ ڕوکەشی شتە شاراوەکانە، بۆیە دەبێتە ڕاستی. دۆخ و گۆشە شاراوەکانی کەرستەیەك، شوێنێك، کاتێك، بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی...تاد. بە بەکارهێنانی وشە و چەمکی سادە و ناسك و جوان، یان فرێزێك، یاخود ڕستەیەکی سەرنج ڕاکێش، کە هەست و نەستی دەوروبەر ڕابکێشێت و لە خۆی رازیبکات، بە قالبی ڕێکلام بەهای باڵای زمانی بایەخدارتردەبێت. (بۆیە لە زماندا هەر باسی سیستەمی هێما لە کلتوری مرۆڤایەتی بە شێوەی زمانی زارەکی و نوسراو ناکرێت، بەڵکو بە زمانی ڕێکلام باس لە کلتوری کۆمەڵایەتی فراوانتر دەکات، وەکو جلوبەرگ و پێرستی خۆراك و نەرێت و ئەوانەی تر.)  (Syamsuddin ,1992:790) .

زمانی ئاخێوەرانی هەر کۆمەڵێك بە ژینگەی خۆییەوە بەندە و کاریگەری بەهێزی لەسەر خەڵك و هەڵسوکەوتیان هەیە( ئەم وابەستەییەی نێوان زمان و ڕێکلام بە تایبەتی ڕاستە بۆ هەڵبژاردنی گەیاندنی پەیامە دیاریکراوەکان ئەویش بەمەبەستی  کاریگەی زیاتر لەسەر خەڵك.)(Featherstone, 1991:89)

کەواتە  زمانی ڕێکلام بە شاکارکردنی وشە و ڕستەکانی فەرهەنگی ئاوەزییە لە کلتور و شارستانیەت و کاتێکی دیاریکراودا، بۆیە زمان ئامرازێکی زۆر بەهێزە لە ڕیکلام و ڕیکلامکردندا لە ڕووی بەکارهێنانەوە بێوێنەیە و میدیا جەماوەرییەکان و  دەزگای بڵاوکردنەوەییەکان پەیامی ڕیکلامن. ئامانجی زمان لە هەڵبژاردنی چەمکی ڕێکلامدا بیانویەکی  نەخشێنراوە بۆئەوەی باشترین وشەی دانسقەی کلتوری و کۆمەڵایەتی بە نمایشکردن و بەبازارکردن بنوێنێت.

پردی بەستنەوەی ئاخێوەر و دەوەروبەر لە ڕێکلامکردندا پەیەوەندیکرنە، پەیوەندیکردنش تایبەتمەندییەکی گرنگی ژیانی مرۆڤە و پەیوەندی نێوان تاکەکان لەڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە ئەنجام دەدرێت، زمان خەسڵەتێکی نموونەیی مرۆڤە ڕێکلامیش وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتوری و لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵی مرۆڤدا چەسپاوە ,لەبەرئەوەڕیکلامکردن جۆرێکە لە پەیوەندیکردن و یەکێکە لە کۆنترین پیشەکانی جیهان و شان بەشانی شارستانیەتی نوێ دەڕوات و گەشەدەستێنێت و لەبرەوی خۆبردنەپێشەوە و خۆگونجان و رازیکردنی داواکارییەکانی تاك و کۆمەڵەدایە. زمانی ڕیکلام لەڕاگەیاندندا بانگەشەدەکات و هەوڵدەدات، تا پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر بەدەستبهێنێت،  بە واتایەکیتر زمانی ڕیکلامکردن دەبێت پەیامبێت و واتاداریشبێت، بە جۆرێکبێت خواست و ویستی دەوروبەر بۆ مەبەستەدیاریکراوەکە بفرێنیت و خواستی بەکاربەر بەرزبکاتەوە.

(ڕایت و ئیت) لە بارەی زمانی ریکلامەوە دەڵێن(جەستەی سەرەکی زمانی ڕیکلامکردن بۆ زانیاری و بەهای ڕوونکردنەوەکانی جێگای تێبینییە, چونکە بۆئەوەی پەیامی ڕیکلامکردن کاریگەر و سەرکەوتووبێت، پێویستە زمان ڕاستبێت و وشەدانەکە گونجاو ولەباربێت، کاریگەری لەسەر جەماوەر هەبێت، بۆیە پێویستە زمانی ڕیکلام بۆ زمانی بەکاربەر وەربگێڕدرێت. (ڕایت و ئیت, 1999: 18). گەیاندنی زمانی ڕێکلام دەبێت مەبەستێکی لە پشتەوەبێت، (بەکارهێنان و خراپ بەکارهێنانی زمان ڕێگەی پێداوین کە بیرکردنەوەکانمان بەرەو دەرەوە پاڵ بنێین, یان ناوەڕۆکەکەی بشێوێنین و پەیامە چەواشەکارەکان بنێرین)(Cook, 1992:97) .ئەو بۆچوونەی کوك ئەوەمان پێدەڵێت زمانی ڕێکلام دەبێت بەچاکی و بە پاکی لەبەرەی خزمەتکردن و کۆمەڵدا بەکاربێت ئەگەرنا بیرکردنەوەمان ڕووە و لێژی دەبات، چونکە ڕێکلامکردن بۆ هەموو کەسێك و تەمەنێکە لە منداڵ و گەنج و پیر بە ڕەگەزی جیاوازەوەش. کاریگەری زمان لە ڕێکلامدا زۆر بەهێزە چونکە ( کاریگەری لەسەر خوێنەر و گوێگران و بینەران هەیە و هێزەکەی لە چەقۆ تیژترە، ئەگەر بە خەراپە بەکارهێنرا ئەوا دەمی ڕەوشتی نییە.)  (Tarigan, 1993:23).

ئەم کاریگەرییەی زمان لە ڕێکلامدا توانای تێکشاندنی هەست و بیری چەقبەستوی  مرۆڤی هەیە،لەباریدایە ئارەزو و باوەڕی بۆ مەستی دیاریکراوبجولێنێت و بگۆڕێت.

کەواتە زمانی ڕێکلام پەیامبەخش و گەیەنەری ڕاستی بەیەکەوە بەستنی تاك و کۆمەڵە لەبەدیهێنانی بانگەشە و ڕازیکردنی نێوانیان، بە واتایەکی تر زمان وزەبەخشێکی شێوە دەنگی و گرافیکییە و نیشانەی ئامانجەکەیە، لە نمایشی ڕێکلامدا زمان بەبیرهێنەرەوە و تۆخکەرەوەی دید و ئایدیایی تاك و کۆمەڵە لە بۆتەیکی دیاریکراودا.

**1/2)تیۆری کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی (Interactional Sociolinguistics) :**

بەکارهێنانی تیۆرێکی دیاریکراوی زمان بۆ گەیاندنی واتایەکی ڕوونی مەبەستدارە لەدەوربەرێکی هەستپێکراوی کۆمەڵدا. بۆ ئەم مەبەستەیش (تیۆری کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی) [5] ، تێڕوانینێکی تیۆری میتۆدییە لەبەکارهێنانی زماندا، کە لە زانستی( زمانەوانی و کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی) دامەزراوە، بەهۆی ئەو بنەماو و ڕەگە قوڵە سیستەماتیکییەی نێوانیان، خەمی هەرسێ بوارەکەی لەگەڵ زمان و کۆمەڵ و کلتوردا هاوبوشی دەکات. بیرۆکەی بنچینەیی کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی زۆر سادەیە، بەکارهێنانی زمانە بە شێوەیەکی هێمایی گوزارشت لە ڕەهەندە بنچینەییەکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و کارلێککردنی مرۆڤ دەکات. بیردۆزەکە سادەیە، بەڵام ئەو ڕێگایانەی، کە زمان ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەوتی تێداهەیە، زۆر جار دەتوانێت ئاڵۆز و ورد بێت.

کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ژێردەستەی زمانەوانی، کە شیکردنەوەی بابەتێك، وتارێك بەکاردەهێنرێت، چۆن بەکارهێنەرانی زمان لە ڕێگای کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە واتای بۆ دروستدەکەن.(Gumperz, 1973 : 172)

ئەم تیۆرە لە لێکەوتەکانی زمانی ڕێکلامدا ڕەنگدانەوەی گەورەی دەبێت و دەچێتە نێو کۆمەڵەوە و کاریگەریان لەسەر دروستدەکان، چونکە (کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی چوارچێوەیەکی تیۆرییە لە سیستەمێکی مرۆڤناسی زمانەوانیدا، کە میتۆدیۆلۆجی زمانەوانی لە گەڵ ڕەچاوکردنی کلتوری مرۆڤناسی تێکەڵدەکات بۆئەوەی تێبگەین چۆن بەکارهینانی زمان کارلێکدەکات.) (Tannen, Deborah, 2006: 343)

Gumperz: جەخت لە ئاماژە و لێکەوتەی واتاکان لە کارلێککردنی زمانەوانی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، چونکە دروستکردن و لێکدانەوەی واتاکان پەیوەندیکرنە لە نێوان فۆرمەکانی پەیام و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کلتوریدا.(Tannen, Deborah ,1992:230) .

کەوابێت بە پێی ئەم تیۆرە لە زمانی ڕێکلامدا پێویستە پەیامی واتاکان لە کارلێك و لێکەوتەی کۆمەڵ و کلتورەوە سەرچاوەبگرێت، ئەویش نیشاندانی شێوازی سیستیەماتیکە، کە تێیدا کۆزانینی کۆمەڵایەتی و فۆرمی پەیوەندیکردن لە دەستور و لێکدانەوەی واتای ڕێکلامەکەدا یەکبخرێن. هەروەها شیکردنەوەکانی Gumperz، بۆ پەیوەندی زمان و زمانی زارەکی یارمەتیماندەدات ، تێبگەین، کە چۆن خەڵك لە زانیاری ڕێزمانی زمانێك بە شێوەی جیاواز هاوبەشیدەکەن. ئەو ڕێکلامەی دەوترێت، یا نیشاندەدرێت، پەیامی زۆر جیاواز بەرهەمدەهێنێت و تێگەیشتنی جیا بەدوای خۆیدادەهێنیت، چونکە زۆرجار لێکدانەوەی هاوچەرخ بۆ زمانی ڕێکلامکردن لە کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، دەشێت خەڵك بە ئاگایی، یا بێئاگایی بۆ بابەت و کاڵا و ڕووداوەکە پەلکێش و ئاراستەبکەن.

بەم تێگەشتنانە ئەرکی زمان و کاریگەری لەسەر دەوروبەر و کاریگەری زمان لە ڕێکلامدا، ئەرکی کۆمەڵایەتی لە پال تیۆری کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی دەگێرن، ئەمەیش لە (شیعری ئەسیری)دا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە لەم پێوەدانگەوە ڕاستاندنی کارەکییانەی ڕێکلام لە ( شیعری ئەسیری)دا لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە دەخینەڕوو.

**0/3)ڕاستاندنی کارەکییانەی ڕێکلام لە ( شیعری ئەسیری)دا لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە:**

ڕێکلامکردن چۆن لە هەموو بوارەکانی زانست وژیاندا پانتایەکی گرتووە، لە زمانی ئەدەبیشدا بەتایبەتیش لە زمانی شیعریدا شوێنی خۆی هەیە، بۆ نموونە شاعیری کورد ئەسیری کاتێك هاتووە وەسف و پێداهەڵدانی کوردستانی کردووە، کە خاوەن سروشتێکی جوان و دلڕفێنە، بە زمانێکی ڕێکلامی بانگەشەی بۆ گەشتەگوزاری ئەم سروشتە لە (چیاو ئەشکەوت و گیا و گوڵوگڵزار و چێوەی ماڵی کوردەواری و داب و نەریتی جوانی کۆمەڵی کردووە)، بە شوێنێکی زۆر گونجاو بۆ گەشتوگوزارکردن دەیبینێت، کارڵیکێکی کۆمەڵایەتی وا لە خەیاڵ دروستدەکات بە کرداری فەرمان و داخوازییەوە داوا لە دەوروبەردەکات، کە بینینی ئەو دیمەنە ناوازانە وا پلێدەکەن هەست بە ئاسوودەیی بکەن، بۆیە بەم شێوەیە زمانی شیعری ئەسیری دێتە ڕێکلامکردن:

بێرە کوردستان عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ

بتبەمە قەندیل گەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ

سەیری ئەو خێڵانە کە نیشتوونە داوێنی چیا

با بچین بۆ ماڵی کوردێ گەر تۆ خۆشیانت دەوێ (عەسکەری, 1987 :41)

لەم شیعرەدا شاعیر بەکاریگەری زمان ریکلام دەکات و بەڕێز و خۆشەویستییەوە ڕستەی پرسیار لە بەرامبەری دەکات و بە(عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ؟ گەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ؟ گەر تۆ خۆشیانت دەوێ؟) دەیەوێت سەرنجی گەشتیار و میوان و دۆستانی بۆ هەموو ئەم دیمەنە جوانەی کوردستان و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەی کوردەواری ڕابکێشێت، کە شێوازێکی ناوازەیە هەم ڕێزنیشاندان و هەم ڕازیکردنی لەخۆگرتووە.

ئەسیری زمانی ڕێکلامی هێندە بەهێزبووە، کوردستانی لە فانتازیاییەکی کارلێکراوی کۆمەڵایەتی لە دنیایی دەرەوە، کە بەهەشتە چوواندووە و زمانی ڕازیکردنی ئەم بەهشتەی بە خوێنەر و دەوروبەری بەخشیوە، وەکو شیعرێکی بە ناونیشانی (نیشتیمان وەك بەهەشتە) نووسیوە و دەڵێت:

نیشتیمانت وەك بەهەشتە چیمەنی

تیا دەخوێنێ پۆڕ و بولبول، قومری، کەو (موکریانی, 2006 : 158)

لەم شیعردا ئەرکی زمانی بە وردی هێناوەتەوەیەك و لەسەر ناونیشانێکی بەرز و تۆخدا، کە (نیشتیمانت وەك بەهەشتە!) پرسی سەرسوڕمان و ئەبڵقبوونی خۆی بە هەمووڵایەك دەگەیەنێت و هەمووڵایەك هاوبەشدەکات لەم (چیمەنە)، تەنیا ئەرکی ڕستەی سەرسوڕمان دەتوانێت ئەم چواندنەی بە(هەشت) تەواوبکات.

زمانی ڕێکلام لە بەرگی نەتەوایەتیبوونی ئەسیریدا، لە زۆربەی شیعرە نوێیەکانیدا ناسنامەی ڕەسەنایەتی نەتەوایەتیی کوردبوونی لە چێوەی ئاوازەیەی کۆزانییندا کردووە بە چاوگی ڕەسەنایەتی کورد. هەموو ئەرکەکانی زمان لە زمانی ڕێکلامی کۆکرووەتەوە ئەوەتا لە ڕێکلامکردن بۆ خاوەنداریەتی و پاشخانی مێژوویەکی قوڵ و دێرین لە ( کلتور و کەلەپوور و شارستانیەت و جوانی سروشت و شوێنی گەشتیاری و هەواری کۆچەریان و پیشەی دەستکردنی ڕەنگین و ...تاد) شاعیر لە پاڵ هەستەنەتەوەیی و ڕەسەنایەتییەکەی ئەم سامانەی بۆ پەلکێشکردنی گەشتیار و شوێنەوارناسان و خوازیاری بوارەکانی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و جوگرافیاناس و ....تاد بەکارهێناوە، ڕێکلامێکی هونەری و بازرگانی و زانستی بەرزی بۆ سەردەمی خۆی و ئێستاشی لەگەڵدابێت هەرماوە. لە شیعری(بێرە کوردستان) هەموو ئەم چەمکانەی سەرەوە بە شاکاری بەرزی ڕێکلامکراوە:

بتبەمە پای تاقی لای سەرپێڵ و سەرمیڵ و کەرەند

پێت نیشاندەم سەد هەزار ئاساری ساسانت دەوێ (موکریانی, 2006 : 278)

شاعیر لە بەرگی زمانی ڕێکلامدا شارستانیەتی نەتەوەیەك نیشانی گەشتیار و زانایانی شوێنەوارناس دەدات، لەوسەردەمەدا کەم کەس هەبووە درك بەم لایەنەبکات و شانازی شوێنەوار(ساسان) بکاتە کاڵایەکی بازرگانی و هەم چەقۆیەکی دەم تیژی شانازی نەتەوایەتی، بە ڕستەکانی پرسیاری (پێت نیشاندەم ؟ دەوێ؟) بێباکانە وەڵامی بۆ ئەم ڕستە پرسیارانە هەیە و بە ڕێز و بەشانازییەوە وەڵامەکەی بە داخوازی وەردەگرێت.

لە دێرە شیعرێکی تردا بە زمانی ڕێکلامکردن بۆ پیشەی خۆماڵی و دەستکردی خانمان و پیاوانی کورد، هانی گەنج و لاوان دەدات پۆشاکی دەستکردی خۆماڵی بپۆشن سەدجار باشترە لە دەستکردنی بێگانە، بێباکانە ئەم بەراوردەکات و ڕێکلامێکی گەورەیە بۆ دەستگرتنی بە پیشەی خۆماڵی و ساخکردنەوەی کاڵای خۆماڵی و ڕێگرتنە لە کاڵا و دەستی کاری هاوردە، ئەمەش لە سەرمایەداری ئەمرۆدا شەرێکی گەورەی ئابورییە و دەیان و سەدان دام و دەزگای حکومی و ناحکومی و فەرمی و نافەرمی بە زمانی ڕێکلام شەڕی بۆدەکەن.

هەڵسە گەشتی لالە و گوڵزاری کوردستان بکە

گەر لە بۆ دەردی دەروونت، داو و دەرمانت دەوێ موکریانی (موکریانی، 2006 : 278)

زمانی ڕێکلامی شاعیر لە چارەسەری کێشەو نەخۆشیەکاندا بێناوەزەیە، چونکە سروشتی جوانی کوردستان چارەسەری نەخۆشییە و دەرمانی نەخۆشی دەروونییە بە هۆی شوێنە گەشتوگوزارییە جوانەکانی، هەموو گەشتیارێك ئامانجی خۆ خاڵی کردنەوەیە لەو بارە قورسەو و شەڕە دەرونییەی لە جەنجاڵی ژیاندا دوچاریبووە، بەڵام شاعیر ڕاست وڕەوان بانگەشەی چارەسەری ئەم نەخۆشییە لە سروشتی ناسکی کوردستان بەهەمووڵایەك دەگەیەنێت.

ئەگەرئەرکی زمان بۆ مانەوە و جێخۆشکردنی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵێکی دیاریکراودابێت، ئەوا ئەسیری ئەم ئەرکەی بە زمانێکی ڕێکلامی یەکلاکردووەتەوە و دەڵێت:

دایم لە فیکرو زیکری خەیاڵاتی میللەتم

بۆیە وا کزو مەلوولو بە سۆزو حەسرەتم (موکریانی 2006 : 114)

واتە لەتەك هەستە نەتەوەیەکەی خۆی لەگەڵ گەلەکەی جیاناکاتەوە و هانی هەمووڵایەك دەدات ئەم خۆگونجان و جێخۆشکردنە ببێتە مایەی مانەوە و پاراستنی کۆمەڵی کوردەواری.

ئەرکی وروژاندن لە هەست و خۆشەویستی شاعیر بە زمانی ڕێکلامی سەردەمی خۆی بۆ شێوەی کوردستان لە شیعری(چوومە کوردستان)بەدیدەکرێت، بە جۆرێك ورژاندێکی بزوێنەری سەرسورهێنەرانە دەجولێنێت و دەڵێت:

چوومە كوردستان لە چاخی گەرمیو سەرما نەبوو

بەرگی شیو و شاخو دەشتی سونبولو رەیحانە بوو **(عەسكەری ، 2000 : 41)**

ئەم زمانی رێكلامكردنە بۆ شێوەی كوردستان ورووژاندنێكی ڕاستەوخۆی پەلكێشكردنی دەوربەرە، چونكە شاعیر خۆی كوردە و كوردستانییە، بە جۆرێك وەسفدەكات، وەكو گەشتیارێك خۆی دەنوێنێت.

زمانی رێكلامی لە شیعری ئەسیریدا بەجۆرێك لە باڵا و بەرزیدایە، شار و شارۆچكەكانی كوردستان بە شار و هەرێمە بەناوبانگ و هەرەدیارەكانی وڵاتانی ئەوروپا دەچوێنێت:

قەڵای كەركوك لە جێی جەرمەنە

نیشتەنی كۆنی خێڵی كرمەنە

كەركوك ئەلزاسە، كفری لۆرەنە

دڵ سووتاویانە، هەرچی كوردنە (موكریانی ، 2006: 217)

ئەم زمانی رێكلامە قەڵای كەركوك بە جەرمەن، كە ناوچەی پەیدابوونی ئەڵمانیایە دەبات، جاێكی تر كەركوك بە زمانی رێكلامی دەگەیەنێتە(ئەلزاس) هەرێمی دڵڕفێنی خۆرهەڵاتی فەرەنسا و لەگەڵ ئەوشدا شارۆچكەی كفری بە هەمان هەرێمی دڵڕفێنی خۆرهەڵاتی فەرەنسا دەچوێنێت، بەوش رێكلام و پێداهەڵدانەكەی تەواونابێت و دەڵێت(دڵ سووتاویانە، هەرچی كوردنە).

فەرماندان و ڕاپەڕاندن ئەركێكی زمانییە وشاعیر بە زمانی رێكلام ئەم فەرماندان و ڕاپەڕاندنە لە كۆمەڵی كوردەواری لە كاتی پێویستی كار، یان شەڕوجەنگ بۆ دەوروبەری خۆی و جوانی نواندنی ئەو بازنەی قوربانیدانەی كۆمەڵ دەخاتەڕوو:

گەر هەرایەك بێ لەنێو كوردستان

یاریدەی پیاوان ئەدەن كیژو ژنان

وای دەبینی دۆتەی شێخ بووە شوان

كیژی ئاغاو بەگ بە لەنجەو لارەوە

خۆی لە ناچاری دەبێتە باغەوان

وا گناچەی ریش سپی گوندو مەلا

یەك لە سەر بێستانە، یەك سادەلەوان

هەرچی كاری كوڕ بێ، كچ سازی ئەكا

تا لەبەر دوژمن نەبن، تەنگاو ئەوان (عەسكەری، 2000 :56 )

شاعیر لە زمانی رێكلامیدا سینارۆی داڕێژاوی ژیان لە وێنایەكی چاوەڕوانەكراوی دەگۆڕێت، لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە ئاوەژۆكردنی پلەوپایەكانی كۆمەڵی كوردەوارییە. ئەم زمانی رێكلامكردنە ئەوەمان پێدەڵێت ئەركە زمانییەكەی لە فەرمان و ڕاپەڕاندن جێگایان بە چەقبەستوی كۆمەڵ لەقكردووە و ڕاستەوخۆ كچانی كورد بۆ خۆشەویستی خاك و برەوی كشتوكاڵ و ئابوری **فەرماندان و ڕاپەڕاندن** بەئەركی زمانی خۆیان دەزانن و جێبەجێیدەكەن.

كەواتە بەڕاستاندنی كارەكییانەی رێكلام لە ( شیعری ئەسیری)دا لە ڕوانگەی زمانەوانی كۆمەڵایەتییەوە لەسەرەوەداخرایەڕوو،دەتوانیین بڵێین ئەسیری شاعیر بە زمانی شیعری لە ژێدەری زمانی رێكلامدا بۆ (خۆشەویستی نیشتیمان و جوانی سروشتی كوردستان و ڕەسەنایەتی و نەتەوەیی و كلتور و ئاین و باری كۆمەڵایەتی و چینەكانی كۆمەڵ و زانست و زانیاری..تاد) چەندین دێرە شیعری بە زمانی رێكلام دەربڕییەوە، بە ئاماری شیكاری(29،5%) لە كۆی شیعرەكانیەتی و مەبەستێتی هانی هەموولایەك بدات بەبایەخەوە خاك و ڕەهەندە جۆربەجۆرەكانی كۆمەڵی كوردەواری لەبەرچاوبگرن. خواستی ئەوەیە ئەم زمانە رێكلامە بە زمانێكی ناسك و پڕ لە وشەی مرواری و بەرێزەوە ئەم سامانە نەتەوایەتییە و كۆمەوڵایەتییەی پێبپارێزرێت و برەوی پێبدرێت.

ئەم زمانی رێكلامییەی ئەسیری لە (تیۆری كارلێكی زمانەوانی كۆمەڵایەتی)یدا ئاوێتەبووە و وشەكانی پڕن لە واتای جوان و سەرنجڕاكێش و ورووژێنەر و سەرسورهێنەر، كەشایستەن پەلكێشی هەموولایەك بۆ ناوەخنی ئامانجەكەی بكەن، كە ئەویش شێوازی گەیاندن و دەربڕینی زمانی رێكلامی (ئەسیری)یە بۆ سەردەمەكەی خۆی .

## ئەنجام

شیعری ئەسیری بە زمانی ڕێکلام لە (تیۆری کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی)دا بە ئاوێتەبوون و بە جێکەوتەیی تەواو بەکارهاتووە.

لە دیوانە شیعریەکانیدا (29،5%) کۆی شیعرەکانی بە زمانی ڕێکلام دەربڕییەوە.

لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانرێت ئەرکەکانی زمان لە دیوی دووەمیدا بە زمانی ڕێکلام بەکاربهێنرێت.

لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە بەکارهێنانی زمانی ڕێکلام، کاریگەری لەسەر گۆڕینی چەقبەستوی ئایدیای دەوربەرهەیە.

زمانی ڕێکلام لە دروستەی ڕستەدا کورت و ڕەوانە و هێزی ڕازیکردنی تاك و کۆمەڵی هەیە.

## پەراوێزەکان:

1- بۆ تایبەتییەکان و ڕۆنانی ڕستەی هەواڵی بڕوانە : (توفیق، 1995 :17 -21 )، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردەی قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

2- بۆ جۆرەکانی کار (ڕاپەراندا و ناڕاپەراندن) بڕوانە: (تۆفیق, 1995: 43)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردەی قسییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین.

3-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

أ- عەبدوللا (15: 2012 ).

ب- حسن (11: 2015 )

ج-بەهادین (17: 2011)

4- بۆزانیاری بڕوانە ناونیشانی:

أ- دکتۆرا نامەی (عەبدوڵلا ،2012) .

ب- ماستەر نامەی (حسن، 2015)

کارلێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی وەکو تیۆرێکی نوێ بۆ خزمەتکردنی زمانەوانی و مرۆڤناسی لەلایەن زمانەوان جۆن جەی گومپەرز(John J. Gumperz ) ) لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکان دامەزراوە.

## سەرچاوەکان


1-پۆل هینلەر، ( 2006)، زمان و هزر،کلتور، وەرگێرانی: رەحیم سورخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە(هەولێر)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان.

2-توفیق قەیس کاکل توفیق(1995) جۆرەکانی ڕستە و تێۆری کردەی قسەییەکان، نامەی ماستەر " زانکۆی سەڵاحەدین.

3-فەرەج شاخەوان جەلال ( 2011 )، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی. کوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

4-حسن سمیر محمد ،(1984) الاعلان ، عالم الکتب، القاهرە,طبع3.

5-حەسەن فەرهاد تۆفیق ، زمان لە ڕیکلامی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،2015

6-موکریانی، د. کوردستان ، دیوانی ئەسیری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2006.

7-علی طالب حسین, (2014)زانستی زمانو زمانی کوردی , چاپی یەکەم ,چاپخانەی رۆژهەڵات.

8-عەبدوڵلا عەبدولسەلام نەجمەدین (2012) ،شرۆڤەکرنا زمانێ ڕیکلامان، نامەی دکتۆرا، فاکەلتی ئاداب.زانکۆی سۆران.

9- عەسکەری مستەفا (1987)، دیوانی ئەسیری، بەرگی یەکەم، بەغدا..

10-عەسکەری مستەفا (2000)، دیوانی ئەسیری، بەرگی دووەم.

11-فەتاح محەمەد معروف (2010) لێکۆڵینەوە زمانییەکان، چاپخانەی موکریانی.

12کریستن نۆدستام، وەرگێرانی: غازی علی خورشید، (2009)، زمان لە ڕوانگەی زمانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

13محەمەد بەهادین ئەحمەد ، ( 2011)، ریکلام و پەیوەندی گشتی و بازارکردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ" سلێمانی.

14-ئیسماعیل رزگار کەریم ، 2017، باڵادەستی لە زماندا لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین.

15-A.R., Syamsuddin. (1992). Studi wacana: teori-analisis-pengajaran. Bandung: Mimbar Pendidikan Bahasa dan Seni FPBS IKIP

16-Cook, G. (1992) The Discourse of Advertising. Routledge

17-Featherstone, Mike. 1991. The Body in Consumer Cultur e. London: Sage Publication

18-Fisher, B. Aubrey. 1986. Teori-Teori Komunikasi. Penerjemah: Soejono Trimo. Bandung Remadja Karya Teori-Teori Komunikasi. Penerjemah: Soejono Trimo.

19- H.G.Tarigan. (1993:23),Berbicara sebagai suatu keteramplin berbahasa.Bandug:Angkasa Badudu.

20- Halliday , M.A.K. *Introduction to functional grammar*, 2nd ed. (1994) London.

21- Jean Aitchison's Linguistics(July 30, 2010) ,(Teach Yourself Books) Paperback.

22- John J. Gumperz Interactional sociolinguistics was founded by linguistic anthropologist1973.

23- Tannen, Deborah , 2006,Language and culture. In R.W. Fasold and J. Connor Linton (eds.) An Introduction to Language and Linguistics, Cambridge: Cambridge University Press.
24- Sobur, Alex. 2006. Analisis Teks Media. Bandung: PT Remaja Rosdakarya.
25 -(1999) ڕایت و ئیت
www.iiste.org ISSN 2222-1719 (Paper) ISSN 2222-2863 (Online

**الإعلان من المنظر علم اللغة الاجتماعي( شعر ئه سيري إنموذجا)**

**اسو عبدالرحمن كريم**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-اربيل

**دلشاد محمد غريب**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية-اساس، جامعة گرميان

**ملخص**

هذا البحث الموسوم ب( الإعلان من المنظر علم اللغة الاجتماعي) شعر ئه سيري إنموذجا. ويتكون البحث من مبحثين. المبحث الأول يتناول جانب نظري، ويتضمن تعريف علم اللغة الاجتماعي ،وواجبات اللغة وتأثيرها على البيئة، ثم بعض جوانب التطبيقي . أما المبحث الثاني يتضمن جانب التطبيقي في شعر ئه سيري من وجهة علم اللغة الاجتماعي.

**كلمات المفتاحية:** الإعلان, لغة الان، علم اللغة الاجتماعي، شعر ئه سيري.

**Advertisement from the sociolinguistic interface**
**(In Asiry's poems as an example)**

**Aso Abdulrahman Karim**
Department of Kurdish Language, Collage of education, Salahaddin University-Erbil
aso.baban@su.edu.krd

**Dilshad Muhmad Garib**
Department of Kurdish Language, Collage of best education Garmian
Dilshad.hmahgarib@garmian.edu.krd

**Abstract**

The research is marked by (Advertisement from the sociolinguistic interface in Asiry's poems as an example), and the research consists of two researchers. The first research deals with a theoretical aspect, including the definition of social linguistics, the duties of language and its impact on the environment, and then some aspects of application. The second research includes the applied aspect of the poetry of The Asiry from the point of view of sociolinguistics.

**Keyword:** Advertisement, sociolinguistic, Interactional Sociolinguistics, the poetry of The Asiry.